# جەللادەکان لێرەوە تێدەپەڕن!

لێرەوە هاتن، لێرەوە ڕۆشتن و دووبارە بێرەدا دێنەوە... بێرەدا، بە پانتایی ئەم خاکەدا، بە ناخمدا، بە هەوراز و نشێوی یادەوەرییەکانمدا، ئەوان هاتن و وێرانیان کردم. ئەوان دێن و وێرانم دەکەن. ئەوان بە ڕەنگی شمشێر و بۆنی خوێن و نەعرەتەی زەبرەوە بە مندا تێدەپەڕن و هەزاران جەللادۆکە لە شوێنپێکانیاندا جێ دەهێڵن.

باوکم، بە شەپازلەیەک لەسەر کارێکی نەمکردبوو، باڵای جەللادێکی لە زەینمدا شەتڵ کرد.

مامۆستای ئینگلیزی، لەسەر حونجەکردنی وشەیەک کە حەرفەکانیم پاشوپێش خستبوون، وێنەی جەللادێکی لە دەفتەرەکەمدا نەخش کردا.

کە باوکم مرد، جەللادەکان ڕێگایان نەدا تا سێ ڕۆژ بە خاکی بسپێرین.

کە دایکم بە یەکجاری جێی هێشتین، لەژێر چەخماخەی شمشێری جەللادەکاندا، هەنیسکەکان لە ئەوکمدا خنکان!.

لێرەوە هاتن... بە دیزداشە و عەگاڵەوە، بە سواری ئەسپی لمەوە، بە بەدلەی بەڵەک و تاج و ئەستێرەی شانەوە، بە ڕیشی جادووگەرەوە، بەسەر ڕەخشی "ڕۆستەم"ەوە، بە فڕۆکە و بە دوو باڵی خەردەلەوە، بە بەرگی خاکی و کەتتافی و بە جامانە و بە چەکوشەکەی "کاوە"وە، هاتن و وڵاتی گوڵ و شیعریان کردە دۆزەخ، کردیانە جەللاداوا!.

هاوڕێکەم گوتی: لە وڵاتی مندا، مەودای نێوان جەللاد و شۆڕشگێڕ داوەدەزوویەکە، لەمێژە پساوە!.

ئێستا من، لە هەموو شوێنێکدا جەللادێک چاوەڕێمە... جەللادەکان ڕەنگاوڕەنگن، یەک دەنگ و یەک ئەرکیان هەیە... دەنگی تۆقاندن و ئەرکی زەلیلکردن!. بە ئەنفال گزگلیان کردین، بە ژەهر گرگنیان کردین، بە ئازادی ڕەجاڵیان کردین... پێڵاوی لاستیکیان کردە پۆستاڵ، جامەدانی بە کاسکێت، ئازادی بە گوللە، میکرۆفۆنی موژدە مردووەکان بە بڵندگۆی تۆقاندن و هەموو شتەکان بە دژەکانیان...

مەوداکە، تاڵەموویەکە... لەمێژە پساوە!..

هاورێکەم گوتی: چەند گوناحین ئێمە... نا نا، چەند گوناحن جەللادەکان کە هێشتا خۆیان بە قوربانیی دەزانن!.

ئێمە قوربانییانی ئارەزووەکانی ئەوان و ئەوانیش قوربانییانی حەزە شەڕانییەکانی دەسەڵات.

لێرەوە ڕەت دەبن... بە تەنیشت "خاکوخۆڵ"دا دێن و ماڵەکەی "حەزرەت" لە تۆزدا نغرۆ دەکەن...

(قوربانی تۆزی ڕێگەتم هەی بادەکەی خۆشمروور!).

لێرەوە دێن و وەک (پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور)، بە وێرانییەکانی شاردا پیاسە دەکەن و سڵاوێک لە "تایەربەگ"ناکەن... دێن و چاوبازی لەگەڵ کارئاسکەکانی "باخی میر"دا دەکەن و (سوخمەی ئاڵی گوڵناری) "کانیئاشقان" لە تەم دەگرن!.

دێن و لەبەر پیرۆزیی "مردووەکان"، ڕۆحی زیندووێک لە تابووتی وەهمی ئازادیدا دەنێژن!.

جەللادەکان لێرەوە تێدەپەڕن... دێن و لە لوولەی چەکەکانیانەوە، شاپڵێتەی تووڕەییمان دەدەنەدەست،

تا گڕ لە بەژنی مۆنۆمێنتی مەرگەساتی خۆمان بەربدەین!... تا حیکایەتەکانی "دەفتەری سەروەری" زیندەچاڵ بکەین!.

جەللادەکان ڕەنگاوڕەنگن:

جەللادێک بە سیانیدەوە،

جەللادێک بە چەکەوە،

جەللادێک بە قەڵەمەوە،

جەللادێک بە میکرۆفۆنەوە،

جەللادێک بە مەقەستەوە،

جەللادێک قاسەی دۆلار بەکۆڵەوە،

لێرەوە هاتن و لێرەوە ڕۆشتن و سەدبارە دەگەڕێنەوە!.

پشکۆ نەجمەدین
2006_3 _30